گرنگیی بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبدا

(وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ٢٠٢٦ «ئان کارسن»)

نووسین و ئامادەکردنی: نالّە حەسەن

بە بڕوای من شاعیر و نووسەری داهێن و نوێخواز، بۆ وەرگرتنی خەڵات نانووسێت، هێندەی ئامانج و نیگەرانییەکانی لە پێناو داهێنانە لە ئاستێکی بەرزدا، بۆ بەدەستهێنانی شوناسێک و بردنی بوونی خۆی بە ئاراستەی کەمال، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا، یەکێکە لە ناسراوترین و گرنگترین خەڵاتە ئەدەبییەکانی جیهان کە لە لایەن ئەکادیمیای سویدییەوە سالّانە پێشکەش بە نووسەر و شاعیر و کەسایەتییە ئەدەبییەکان دەکرێت. ئەم خەڵاتە لە سالّی ١٩٠١ـەوە دەستی پێکردووە، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە ڕێزلێنان لە کەسانێک کە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لە پەرەپێدانی داهێنان و نوێگەری بۆ خزمەتکردن بە ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی کردووە.

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم خەڵاتە بریتییە لە ناساندنی نووسەر لە ئاستی جیهاندا، بەهای ئەدەبی و ناساندنی کتێب و بەرهەمەکانی، بۆ ئەم سالّ، واتە ٢٠٢٦، خاتوو (ئان کارسن) خەڵاتەکەی لە بواری ئەدەب پێ بەخشرا. ئان کارسن نووسەر و وەرگێڕ و شاعیرێکی کەنەدییە، دووەمین ژنی کەنەدییە کە لەبواری ئەدەبدا خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێناوە، دوای (ئالیس مۆنرۆ)ی چیرۆکنووس کە ئەویش لە سالّی ٢٠١٣ ئەم خەڵاتەی وەرگرتووە.

تایبەتمەندیی شیعر و نووسینەکانی ئان کارسن بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ

لێرەدا دەمەوێت بە کورتی باسی تایبەتمەندییەکان، یان ستایلی نووسینی ئان کارسن بکەم کە بوونە هۆکاری بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا. ئان کارسن نووسەر و شاعیرێکی نوێخواز و هاوچەرخە، ئەو تایبەتمەندییانەی زۆر لە شیعر و ئەدەبیاتی ئەو نووسەرەدا بەرچاون، بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن.

تێکەڵکردنی ئەدەبیاتی کلاسیک و ئەدەبیاتی هاوچەرخ

کارسن شارەزاییەکی زۆرباشی لە ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن و ئەفسانەکانی سەردەمی کۆندا هەیە و بە دیدێکی نوێ دەیانخوێنێتەوە و سوودی لێیان بینیوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەفسانە کۆنەکان، پرسیاری هاوچەرخانە لەنێو شیعر و نووسینەکانیدا لەبارەی خۆشەویستی و ناسنامە و تەنیایی و ئازارەکانی مرۆڤ دەوروژێنێت، چونکە لای ئان کارسن ئەدەبیاتی کۆن تەنیا بەشێک نییە لە مێژوو، بەڵکوو دەکرێت بۆ ئێستاش سوودی بۆ تێگەیشن لە مرۆڤ و باری دەروونی مرۆڤ هەبێت.

تێکەڵکردنی شیعر و ژانرەکانی تری ئەدەب

لای ئان کارسن شیعر و ئەدەب جووڵەیەکی بەردەوامن لەنێو ڕووبەری ئیستێتیکا و زماندا، هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراو نە بۆ شیعر و نە بۆ ژانرەکانی تری ئەدەب نییە. ئەو دێت لە ڕێگەی شیعرەوە، ڕۆمان و چیرۆک و پەخشان تێکەڵاوی یەکدی دەکات و هەوڵ بۆ بەرجەستەبوونی ستایل و فۆرمێکی نوێ دەدا.

خوێندنەوە، یان قووڵبوونەوە لە دەروونی مرۆڤ

بەبڕوای من نووسەری باش پێویستە تاڕادەیەک



ئان کارسن

دەروونزانێکی باشیش بێت بۆ خوێندنەوەی ناخ و دەروونی مرۆڤ، خەونەکان و هەستەکان و ئارەزووەکانی مرۆڤ، کردنەوەی بوخچەکانی نێو ڕووبەری ناخودئاگایی و وروژاندنی پرسیارە گەورەکان، واتە نووسین بە دیوێکدا پێوەندی مرۆڤە بە ناوەوەی خۆی و بە دنیای دەرەوە، چونکە دنیای ناوەوەی نووسەر ڕۆڵێکی گرنگ لە وێناکردنی خۆشەویستی و ئارەزوو و تەنیایی و دابڕان و ناسنامە و کەسایەتی و پێوەندی نێوان مرۆڤەکان دەبینێت.

دووبارە نووسینەوەی ئەفسانە

ئان کارسن وەک گوتمان گرنگی زۆری بە ئەدەبیات و ئەفسانەی یۆنانی کۆن داوە، یۆنانی کۆن، وەک سەرچاوەیەک بۆ داهێنانی ئەدەبی بەکار دەهێنێت، ئەو ڕووداو و کەسایەتییە کۆنانە دەهێنێتە نێو ئەدەبیاتی هاوچەرخ و بە دیدێکی نوێ، واتایەکی نوێیان پێدەبەخشێت. بۆ نموونە لە کتێبی (خۆ نووسینەوەی سوور) ئەم کارەی کردووە، لە ئەفسانەی گێریۆن-دا، بوونەوەرێکی

ئەفسانەیی نوێ بەرجەستە دەکات.

چیرۆکەکەی لەگەڵ بابەتە سەردەمی و هاوچەرخەکانی خۆشەویستی و ناسنامە و دابڕان نووسیوەتەوە.

تێکەڵکردنی ئەدەب و فەلسەفە

شیعر و ئەدەب لەلای ئان کارسن، تەنیا دەربڕینی هەستێکی ڕووت، یان گێڕانەوەی چیرۆکێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو پرسیارکردنە لە سروشتی مرۆڤ و زمان و بیرەوەرییەکان و تراژیدیا و خەم و ئازارەکانی، بەرجەستەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەیە بۆ ژیان و مرۆڤ و گەردوون، لەم ڕووبەرەوە داهێنانی جوانی کردووە، ئەمانە ئەو تایبەتمەندییە گرنگانە بوون کە ئان کارسن وەک شاعیر و نووسەرێکی داهێن و نوێخواز وێنادەکەن، کە بوونەتە هۆی ئەوەی بۆ ئەمساڵ خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا بەدەست بهێنێت.

کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی (ئان کارسن)

ئان کارسن، شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و توێژەری ئەدەبیاتی یۆنانی کۆنە. لە ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠ لە شاری تۆرینتۆی وڵاتی کەنەدا لە دایکبووە. لە زانکۆی تۆرینتۆ خوێندوویەتی، دواتر لە بواری ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنانی بڕوانامەی دوکتۆرای بە دەست هێناوە، وەکوو مامۆستای زانکۆ لە زانکۆکانی کەنەدا و ئەمریکا وانە دەڵێتەوە، کارسن مێژوویەکی دوورودرێژ و بازنەیی لە زانکۆی (یو ئۆف تی)ی هەیە، کە یەکێک لە زانکۆکانی شاری تۆرینتۆیە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلێژی (سانت مایکل) ناوی خۆی تۆمار کردووە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت وازی لە خوێندن هێناوە، بۆ ئەوەی دەستی لە دیزاییینی گرافیک تاقی بکاتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆ، بە مەبەستی خوێندنی شیعری یۆنانی، لە ساڵی ١٩٧٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە، دواتر دوو بڕوانامەی وەک دەرچووی کلاسیکەکاندا وەرگرت، بڕوانامەی ماستەر لە ساڵی ١٩٧٥ و دوکتۆرا لە ساڵی ١٩٨١ وەرگرت. هاوکات بڕوانامەی شانازی لە زانکۆی (یو ئۆف تی)، لە ساڵی ٢٠١٢ وەرگرتووە، هەروەها لە سەنتەری (یو ئۆف تی) بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری کاری کردووە و وتارێکی گشتی پێشکەش کردووە.

ئان کارسن بە یەکێک لە داهێنترین و بوێرترین دەنگەکانی شیعری هاوچەرخی جیهان دادەنرێت. هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە لە کتێبخانەیەک، لە ناوەندی بازاڕدا، کتێبێکی شیعری شاعیری یۆنانی (سافۆ) دەدۆزێتەوە، ئەمەش بۆ فێربوونی زمانی یۆنانی کۆن و تەرخانکردنی ژیانی بۆ ئەدەبی کلاسیک دەبێتە ئیلهامبەخش. ئان کارسن لە ماوەی ژیانی ئەدەبیدا کاری لەسەر شیعر، ڕەخنەی ئەدەبی، وتاری فەلسەفی و وەرگێڕانی شیعر و دەقە کلاسیکییەکان کردووە، بە تایبەت شیعرەکانی (سافۆ) و (یۆرییپیدس). تایبەتمەندییەکی گرنگی نووسینەکانی ئەوەیە کە سنووری نێوان شیعر و پەخشان دەبەزێنێت و ئەزموونی مرۆڤی هاوچەرخ، بە ئەدەبیاتی یۆنانی کۆنەوە دەبەستێتەوە.

لەبارەی ژیانی تایبەتییەوە، ئان کارسن بەوە ناسراوە کە زۆر کەم دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی دەدوێت و ژیاننامەی سەر بەرگی کتێبەکانی هەمیشە زۆر کورت و سادەیە. لیژنەی خەڵاتی نۆبڵ ستایشی ئان کارسن دەکات بەوەی کە فۆرمێکی نوێی بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخ دروست کردووە، لەم بارەیەوە مامۆستای زانکۆ ئەلیسۆن کیس دەڵێت: (لە هەموو فۆرمێکدا کە دەنووسێت بە پاستی یاری بە ژانرەکان دەکات، بەوەی فۆرمە کۆنەکان هەڵدەکەنێت و

هەڵدەوەشێنێتەوە و دووبارە بنیادیان دەنێتەوە، بۆ کارێک کە هێشتا هەست بە پێش سەردەمی خۆی دەکات). کارسن بێجگە لە نووسین، کاری وەرگێڕانیشی کردووە، چەندان دەقی شانۆیی کلاسیکی شاعیرانی وەک یۆرپیدس و سۆفۆکلیس و سافۆی بە زمانێکی زۆر مۆدێرن و زیندوو وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. کارسن بەهۆی ئەم کارە نایاب و داهێنەرانەیەوە چەندان خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە وەک، خەڵاتی (تی. ئێس. ئیلیەت)، خەڵاتی (گریفنی شیعری)، خەڵاتی (مەک ئارسەر فیلۆشیپ).

کارسن لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە، شێوازێکی تایبەت لە نووسین بەرجەستە دەکات، شێوازێک کە تێیدا بیرکردنەوەی فەلسەفی، ئەزموونی دەروونی ئەفسانە و زمانی شیعری تێکەڵ بەیەک دەکات، هەر بۆیە بەم شێوازە نوێخوازی داهێنەرانەی توانی ببێتە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ٢٠٢٦. وەک نووسەر و شاعیرێکی هاوچەرخ، بەرهەمەکانی بەهۆی نوێکاری فۆرم و بیرکردنەوەی فەلسەفی قوواڵ لە ناوەندی ئەدەبی و لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بە گرنگ دادەنرێن.

گرنگترین کتێب و بەرهەمەکانی ئان کارسن

ئەم کتێبە، (ئیرۆسی شیرینی و تاڵی- ١٩٨٦)، واتە ئەو بارە دەروونییەی مرۆڤ لەکاتی خۆشەویستیدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و فەلسەفییە، لە مانای خۆشەویستی و حەز و ئارەزوو دەدوێ. کارسن لە ڕێگەی ئەدەبیاتی یۆنانی کۆنەوە، بەتایبەت شیعرەکانی سافۆ و بیرکردنەوەکانی ئەفلاتوون، لە سروشتی خۆشەویستی و ئەم دووانەیە دەکۆڵێتەوە کە لەنێوان خۆشی و ئازاردا هەیە، یان لەبارەی ئارەزوو و نەبوون، چونکە زۆرجار مرۆڤ ئەوەی ئارەزووی دەکات لەبەر دەستیدا نییە، ئەم دووڕییەش ئارەزووەکە بەهێزتر دەکات.

کتێبی (گفتوگۆی کورت- ١٩٩٢) کۆمەڵێک دەقی شیعری کورتن، کە بەشێوەیەکی جیاواز باس لە بابەتەکانی ژیان، هونەر، فەلسەفە، گەشت، سروشت و ئەزموونی مرۆڤ دەکەن، هاوکات شیعر و بیرکردنەوەی فەلسەفی تێکەڵ دەکات، نووسەر بە شێوەیەکی کورت و چڕ بیر و تێڕوانینی خۆی لەبارەی ژیان و مرۆڤ دەخاتەڕوو، واتە بیرۆکەیەکی قووڵ لە چەند وشەیەک، یان چەند ڕستەیەکدا دەردەبڕێت، یان بە وێنە و پێوەندییە نامۆکان، خوێنەر هان دەدات بە شێوەیەکی جیاواز بیربکاتەوە.

کتێبی (خۆنووسینەوە، یان ژیاننامەی سوور - ١٩٩٨) یەکێکە لە بەرهەمە ناسراوەکانی ئان کارسن، ئەم ڕۆمانە شیعرییە لە ئەفسانەی یۆنانی کۆن و چیرۆکی گێریۆن و هێراکلیتس وەرگیراوە، کە گێریۆن کوڕێکی سوورە و باڵی هەیە، کە ئەمە لە ئەفسانەی یۆنانییەکاندا وەک بوونەوەرێکی ئەفسانەیی ناسراوە، بەڵام کارسن ئەم کەسایەتییە لە چوارچێوەی ئەفسانەی کۆن دەردەهێنێت و دەیخاتە ناو جیهانێکی هاوچەرخەوە، واتە چیرۆکەکە بە شێوەی نوێ و لە چوارچێوەی ژیانی هاوچەرخدا دەگێڕێتەوە. ئان کارسن ئەم ئەفسانەیە بە شێوەیەکی نوێ دەنووسێتەوە، لەبری ئەوەی گێریۆن تەنیا وەک بوونەوەرێکی مەترسیدار پێشان بدات، دەیکاتە کەسایەتییەکی هەستیار کە خۆشەویستی، ئازار و هەستی جیاوازی ئەزموون دەکات.

کتێبی (شووشە، ئیرۆنی و خودا- ١٩٩٥)، وەک هێمای ناسکی و شکان ئاماژەی بۆ کراوە، شێوازێکی ئەدەبییە کە ئیرۆنی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ مانای شاراوە، یان چاوەڕوانکراو جیاوازە، ئەم کتێبە کۆمەڵە شیعرێکن کە بابەتەکانی سەرومڕ لەبارەی خۆشەویستی، ئایین، پێوەندی مرۆڤ و خودا و دۆخی ناوەوەی مرۆڤ دەخاتەڕوو، لەم بەرهەمەدا ئان کارسن

زمانێکی ئەدەبیی تایبەت و بیرکردنەوەی قووڵ بەکاردەهێنێت.

کتێبی (جوانی مێردەکە- ٢٠٠١)، ئەم بەرهەمە لە (٢٩) بەشی شیعری پێکهاتووە، کە بە (٢٩) تانگۆ ناسراون، تانگۆ جۆرێکە لە سەما، بەڵام لەم کتێبەدا وەک هێمایەک بۆ جووڵە و ئاڵوگۆڕی نێوان دوو کەس، نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە و پێوەندییەکی ئاڵۆز بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی ئەوە نیشان بدات کە خۆشەویستی هەمیشە هۆکاری ئارامی و خۆشی نییە، هەندێک جار لەگەڵ ئازار، گومان و بێ متمانەییدا دەبێت، واتە بابەتە سەرەکییەکانی بریتین لە خۆشەویستی، جوانی، درۆ، خیانەت و تێکچوونی پێوەندی هاوسەرگیری، ئان کارسن بەم کتێبەی خەڵاتی (تی. ئێس. ئیلیەت)ی وەرگرتووە.

کتێبی (نۆکس- ٢٠١٠) شیعرێکە لەبارەی لە دەستدان و بیرەوەری و خەم، واتە تەنیا کۆمەڵە شیعرێکی ئاسایی نین، بەڵکوو تێکەڵەیەکن لە شیعر، نامە، وێنەی خێزانی، کۆلاژ و بیرەوەرییە کەسییەکان، واتە کتێبێکی تاقیکارییە کە ئان کارسن لە رێگەی یادەوەری، وێنە دەق و تێبینییەکانەوە، لەبارەی لە دەستدانی براکەی خۆی نووسیویەتی. ئەم بەرهەمە لە پێوەندی نێوان بیرەوەری مردن و خۆشەویستی دەکۆڵێتەوە.

کتێبی (فلۆت- ٢٠١٦) کۆمەڵێک شیعر و نووسینی هاوچەرخە، لە چوارچێوەی کتێبەکەدا فلۆت بە مانای لەسەر ئاو، یان لە هەوادا دێت، لە چوارچێوەی کتێبەکەدا ناوونیشانەکە پێوەندی لەگەڵ فۆرمی تایبەتی کتێبەکەدا هەیە، چونکە کتێبەکە لە چەندان بەشی سەربەخۆ پێک دێت کە لەناو قاپێکی شەفافی پلاستیکیدا دانراون و خوێنەر دەتوانێت بە هەر شێوەیەک و ڕیزبەندییەک بیخوێنێتەوە، واتە کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبین کە لە چەند بەشی جیاواز پێک هاتوون و تێیاندا شیعر و بیرکردنەوە و تاقیکردنەوەی شێوازی نووسین دەبینرێن، واتە زمانی شیعری بەسەر نووسینەکانیدا زاڵە، بۆیە هەر بابەتێک، یان ژانرێک دەستی بۆ ببات، بە شێوە و زمانی شیعری دەیاننووسێت. لەم کتێبەدا ئان کارسن زیرەکانە بیرۆکەکانی فەیلەسووفان، لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی خێزانی تێکەڵاو دەکات، یان لە هەندێک لە شیعرەکاندا پێوەندییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی ئاڵۆز دەخاتەڕوو، هاوکات کتێبەکە تاقیکردنەوەیەکە باس لە شێوازی نووسین و پێوەندی نێوان دەق و هونەر دەکات.

کتێبی (پیاوان لە کاتەکانی دەرەوەی کار، یان لەکاتی پشوودا- ٢٠٠٠)، بەڵام ناوونیشانەکە تەنیا ئاماژە بە پشوودانی پیاوان ناکات، لە چوارچێوەی کتێبەکەدا دەتوانرێت بە شێوەی ئەدەبی وەک ئاماژەیەک بۆ دەرچوون لە ڕۆڵ و چوارچێوە ئاساییەکان بخوێنرێتەوە، ئەم کتێبە کۆمەڵە دەق و شیعرێکن، کە مێژوو، ئەدەبیات، فەلسەفە و ئەزموونی مرۆڤ تێکەڵ دەکات، ئان کارسن لەم کتێبەدا لە ڕێگەی کەسایەتییە مێژوویی و ئەدەبییەکانەوە، بابەتەکانی ژیان و مردن دەخاتەڕوو.

* لە ژمارەکانی دادێی گۆڤاری ڕامان-دا، چەند دەقێکی ئەو شاعیرەتان دەخەینە بەردەست.

(ڕامان)

سەرچاوەکان:

-Poetry Foundation -Anne Carson

- Canadian poet wins Nobel prise in Literature

-Elizabith sarah coles – Anne carson The glass Essayist

-Lannan Center for poetics and social practices – Georgetown University

-Anne Carson Wikipedia.